گەرمیان...لە ڕووداوەکی هاتووچەدا منداڵێک گیانی لەدەستدا

ئەوارەی ئەمڕۆ دووشەممە،بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان ڕایگەیاند، بارهەڵگرێکی دوو تەنی خێی دەکێشت بە خێزانێک و لە ئێنجامدا منداڵێکی دوو ساڵان گیان لەدەست دەدات.

بەڕێوبەرایەتیەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە" لە شارەدێی ڕزگاریی سەر بە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، ئەتەمبێلێکی بارهەڵگری جۆری کیا لە ژنێک و دوو منداڵی دا، لە ئێنجامدا یەکێک لە منداڵەکان گیانی لە دەستدا کە تەمەنی چوار ساڵان بووە.

ئاماژەی بۆکرد" دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە یەکێک لە منداڵەکان گیانی لەدەستدا، کە تەمەنی چوار ساڵان بووە".

هەروەها ڕاشیگەیاند، دوو بریندارەکەی دیکە لەژێر چاودێری پزیشکدان، لە لایەن تیمەکانی هاتووچۆوە لەکەینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێ کردووە، بە مەبەستی زانین لە هۆکار و چۆنیەتی ڕووداوەکە.